## وتەیەکی پێویست

بایەخو گرنگی ئەم بابەتە لەوەدانییە کە باسی چۆنیەتی رزگاربوونمان لە دیکتاتۆریەت دەخاتە بەردەست, بەڵکە نوێی رێوشوێنەکانو شێوازەکانی رزگاربوون زۆر جیاوازترن لەو شێوازانەی ساڵەهای ساڵە لە فەرهەنگو کلتوری توندوتیژی ئێمەدا جێگەی خۆیان کردۆتەوەو بیرکردنەوەکانمانیان سنووردار کردووە, شێوازی (ناتوندوتیژی- Nonviolent ) لە دژی رژێمە دیکتاتۆرەکاندا, شێوازێکە بۆ ئێمە تازەیەو رەنگە لەگەڵ پێشینەی تێهێزترینو بۆچوونە هزرییەکانی ئێمەدا کۆك نەبێو نەگونجێ, بەڵام شێوازێکە شایستەی خوێندنەوەو لێکۆڵینەوەی وردو زیاترە ئەگەرچی سەرەتا نەتوانێ لە نێو گێژەنگی بیرکردنەوەکانماندا پێگەیەکی پتەو داکوتێ.

نووسینەکانی د.جین شارپ ئەزموونێکی تایبەتن لە شێوازی (ناتوندوتیژی) بەرامبەر بە رژێمە دیکتاتۆرەکان لەهەر کونجێکی دونیادا, ئەم شێوازە شایانی زیاتر لە بارەوە زانینە, هەر بۆ ئەم مەبەستەش حەزم کرد خوێنەری کوردو کوردستانی بەم بابەتە ئاشنابێ بەو ئومێدەی ئەگەر دەرفەتبوو لە داهاتوودا بەشێکی زیاتری نووسینەکانی جین شارپو نووسەرانی دیکە لەم بابەرەیەوە بە وەرگێڕاوی بخەمە بەردەستی خوێنەران لەگەڵ رێزمدا..

**وەرگێڕ**

# (دیکتاتۆرییەتەکان)یش خاڵی لاوازییان هەیە

**ن: جین شارپ***

**و:محەمەدی مشیر**

هەمیشە وا دێتە بەرچاو کە رژێمە دیکتاتۆرەکان ناکرێ توخنیان بکەوی, چونکە ئەوان کۆنترۆڵی ئەو توێژە بەهێزە بەرجەستە دەکەن کە موخابەراتو پۆلیسو سوپاو زیندانەکانو گرتووخانەکانو تیمەکانی ئیعدامو سامانی وڵاتو سەرچاوە سروشتییەکانیو تواناکانی بەرهەمهێنانی هەڵدەسوڕێنێو بەشێوەیەکی ستەمکارانە سوودیان لێوەر دەگرێ بۆ بەدیهێنانی ویستی خۆی.

بە بەراوردیش هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی دیموکراسیخواز وا دێنە بەرچاو کە لاوازو ناکاراو بێدەسەڵاتن, دەرەنجام ئەم تێگەیشتنە (واتە هێزی دیکتاتۆریەت کە ناکرێ دەسکاری بکرێو لاوازی ئۆپۆزسیۆنی دیموکراسی) وادەکا کە هەبوونی ئۆپۆزسیۆنێکی کارا بە دووربخاتەوە, بەڵام چیرۆکەکە لێرەدا کۆتایی ناهێت.

دەستنیشانکردنی خاڵی کوشندە (پاژنەی ئەخیل):

یەکێ لە میتۆلۆژیاکانی گریك نموونەیەکی رۆشنی بێ هێزی ئەو لایەنەیە کە پێمانوایە ناکرێ توخنی بکەوین, (ئەخیل)ی جەنگاوەر کە هیچ زەبرێك کاری تێنەدەکردو هیچ شمشێرێك جەستەی نەدەبڕی,

دایکی لە نێو ئاوی رووباری (ستایکس)ی ئەفسووناوی هەڵکێشابوو کاتێ منداڵ بووە, ئەمەش بەرگەی پێبەخشیبوو لە دژی هەر مەترسییەکدا, بەڵام کاتێك دایکی خستبوویە نێو ئاوەکە پاژنەی گرتبوو تاکو تەوژمی ئاوەکە نەیبا, بۆیە ئاوە ئەفسووناوییەکە ئەو بەشە بچووکەی لەشی دانەپۆشیبوو, کاتێ (ئەخیل) گەورەبوو هەموو دەیانزانی کە لە بەرامبەر چەکەکانی دوژمن بەرگەی هەیە, بەڵام لە جەنگی (تەڕوادە)دا یەکێ لە سەربازانی دوژمن کە بەپێی رێنماییەکانی کەسێکی دیکە کاریدەکرد کە دەیزانی خاڵی لاوازیی ئەخیل کامەیە, تیرەکەی ئاراستەی پاژنەی ئەخیل کە تاکە شوێنە بکرێ ئەخیلی تێدا بپێکێ, زەبرەکەی کوشندەبوو, دەستەواژەی "پاژنەی ئەخیل" لەو کاتەوە تا ئەمڕۆکەشمان بەڵگەی لاوازی کەسێ یان پلانێ یاخود دامەزراوێکە کە هیچ پارێزەرێکی نەبێت.

ئەم پرانسیپە بەسەر رژێمە دیکتاتۆرە هەمەجیەکانیشدا دەسەپێ‌و ئەوانیش رووبەڕووی شکست دەبنەوە, بە جۆری ئەم شکستە زۆر خێراو بە کەمترین تێچوو دەبێ ئەگەر خاڵی لاوازی رژێمە دیکتاتۆرە هەمەجیەکانمان دەستنیشانکردو بە چڕی هێرشمان کردەسەری.

**خاڵەکانی لاوازی رژێمە دیکتاتۆرەکان:**

**خاڵەکانی لاوازی رژێمە دیکتاتۆرەکان ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە:**

1-دەکرێ ئەو هاوکارییەی کۆی خەڵك یان گروپ‌و دامەزراوەکان پێشکەشی دەکەن کە بۆ بەگەڕخستنی رژێم پێویستە سنووردار بکرێ یان بکێشرێتەوە.

2-رەنگە داواکاری‌و کاریگەری سیاسەتەکانی رژێمی فەرمانڕەوا لە رابردوودا بەشێوەیەك لە شێوەکان تواناکانی ئێستای رژێم سنووردار بکەن لەوەیدا کە سیاسەتگەلێکی ناکۆك پێڕەوو پراکتیك بکات.

3-لەوانەیە کارەکانی رژێمی فەرمانڕەوا ببنە رۆتینێکی ناتەوان لە گونجان لەگەل بارودۆخە نوێیەکاندا.

4-سەختە کەسان‌و سەرچاوەکانی دابەشکردن کە هەندێ ئەرك جێبەجێ دەکەن بتوانن ئەو ئەرکانە ئەنجام بدەن کە دەرهاوێشتەی پێداویستییە نوێیەکانن.

5-لەوانەیە پێڕەوانی رژێم نەتوانن لە ترسی توڕەیی سەرۆکەکانیان ئەو زانیارییە دروست‌و کامڵانە دابین بکەن کە حاکمە دیکتاتۆرەکان بۆ بڕیارەکانیان پێویستیانە.

6-لەوانەیە ئایدیۆلۆژیا خۆرکی لێبداو میتۆلۆژیاو هێماکانی رژێم جێلەق بن.

7-سووربوونی رژێم لەسەر تێڕوانینێکی ئایدیۆلۆژی کۆنکریتی دەبێتە هۆی بێ ئاگابوونی لە دۆخە واقیعییەکان‌و دوورکەوتنەوەی لە زەمینەی واقیع.

8-نالەباری جموجۆڵ‌و توانای بیرۆکراسیەت یان زێدەڕۆیی لە یاساو رێوشوێنەکان دەبێتە هۆی بێ سوودی سیاسەتەکانی رژێم‌و ئیدارەکەی.

9-کێشمەکێشمی ناوخۆی دامەزراوەکان‌و کێبڕکێی نێوان کەسان‌و بارگاویبوون تێکڕا زیان دەگەیەنن‌و رێگرن لە بەردەم کارگێڕی رژێمی دیکتاتۆری فەرمانڕەوا.

10-خوێندکاران‌و هزرمەندان دووچاری دڵەڕاوکێ دەبن بەهۆی دۆخەکان‌و کۆتی بۆچوونەکان‌و چەوسانەوە.
11-بە تێپەڕبوونی کات تێکڕای گەل کەمتەرخەم‌و گوماناوییی‌و دوژمنکارانە دەبن بەرامبەر بە رژێمی فەرمانڕەوا.
12-ناکۆکییە هەرێمی‌و چینایەتی‌و رۆشنبیری‌و نیشتمانییەکان توندتر دەبن.
13-زۆرجاران هەڕەمی دەسەڵاتی رژێمە دیکتاتۆرەکان لەرزۆکەو هەندێ جارانیش گەلێ لەرزۆکە, بۆیە ئەو کەسانەی ئەم هەڕەمە پێکدەهێنن بە بەردەوامی لە هەمان شوێنی خۆیاندا نامێنن‌و سەردەکەون‌و دادەبەزن لە پلەیەکەوە بۆ پلەیەکی دیکەو یان بە یەکجارەکی نامێنن‌و کەسانی دیکە شوێنەکانیان دەگرنەوە.
14-هەندێ لە بەشەکانی پۆلیس‌و سوپا بە دوای جێبەجێکردنی ئامانجە تایبەتییەکانیاندا سەرگەرمن هەتاکو ئەگەر لە دژی خودی فەرمانڕەوا دیکتاتۆرەکانیش بێ وەکو کودەتا سەربازییەکان.
15-رژێمە دیکتاتۆرە نوێیەکان پێویستیان بە کاتێك دەبێ تا بە جێگیری دابمەزرێن.
16-روودانی هەڵە لە حوکمکردن‌و سیاسەت‌و کارکردندا کارێکی چاوەڕوانکراو دەبێ بەهۆی زۆری ئەو بڕیارانەی کەوا کەمینە لە رژێمە دیکتاتۆرەکاندا دەریان دەکات.
17-کەرەستەکانی هێزی ناوەندی لە رژێمەکانی حوکمی دیکتاتۆریدا خۆرك زەدە دەبن کاتێك بڕیار دەدا خۆ لەو مەترسیانە لابدات بەهۆی نامەرکەزییەت لە کۆنترۆڵکردن‌و بڕیارداندا.

هێرشبردنە سەر خاڵە لاوازەکانی دیکتاتۆریەت

ئۆپۆزسیۆنی دیموکراسی دەتوانێ لە رێگەی زانینی خاڵە ناوەکییەکانی لاوازی "پاژنەی ئەخیل" ئاستەنگ بۆ رژێمی حوکمی دیکتاتۆری بخوڵقێنێ لە پێناو گۆڕین‌و لێك هەڵوەشاندنەوەی.

دەرەنجامیش بەم شێوەیە رۆشەن دەبێ: سەرەڕای بەهێزی لە رووکاردا رژێمی حوکمی دیکتاتۆری خودان هەندێ خاڵی لاوازییەو بەدەست بێ توانایییەوە گرفتارەو کێبڕکێی کەسایەتی لە نێوان تاکەکانیدا هەیەو دامەزراوەکانی بەدەست ناکاراییەوە گرفتارن‌و ململانێ لە نێوان رێکخراوو فەرمانگەکانیەوە بە تێپەڕبوونی کات دەبێتە رێگرو وا لەو رژێمە دیکتاتۆرە دەکا کە کەمتر کارابێ‌و بکەوێتە بەر باهۆزی گۆڕین‌و بەرەنگاربوونەوە، ئیدی هەر شتێك کە ئەو پلانی بۆ دانبێ مەرج نییە سەرکەوێ, تەنانەت فەرمایشتەکانی (هیتلەر)یش هەندێ جاران جێبەجێ نەدەکران بەهۆی رەتکردنەوەیان لە لایەن ئەو کەسانەوە کە لە خوارەوەی ئەو دابوون لە هەڕەمەکەداو هەندێ جارانیش زۆر خێرا دادەڕمێن هەروەکو لە سەرەوە ئاماژەمان پێکرد.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە دەکرێ رژێمی حوکمی دیکتاتۆری بەبێ مەترسی‌و پێکان لەناو ببرێ, چونکە هەر رێگایەکی کارکردن لە پێناو رزگاریدا مەترسی‌و گرفتاری تایبەت بە خۆی هەیە, هەروەکو چۆن هەر رێگایەکیش پێویستی بە کاتێك هەیە تاوەکو بکەوێتە کار, سەرباری ئەمەش دەمەوێ بڵێم هیچ شێوازێك

نییه له توانایدا بێ سەرکەوتنێکی خێرا بە دەست بهێنێ, بەڵام ئەو شێوازە خەباتانەی کە خاڵە لاوازەکانی رژێمەکانی حوکمی دیکتاتۆری دەکەنە ئامانج دەرفەتێکی باشتریان لە بەردەمدایە لەوانەی هەوڵدەدەن رووبەڕووی ئەو رژێمانە ببنەوە لە خاڵەکانی بەهێزیاندا؛
لێرەدا دەمێنێتەوەو بپرسین: چۆن ئەم خەباتە دەست پێبکەین؟!

*د.جین شارپ, توێژەرێکە لە ئەنیستیوی ئەلبێرت ئەنیشتاین لە (بۆستن)ی ویلایەتی (ماساتشوستس)ی ئەمریکا دەسبەکارە, هەلگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس‌و ماستەرە لە زانکۆی ئۆهایوو دکتۆرای هەیە لە تیۆری سیاسەت لە زانکۆی ئۆکسفۆردو دکتۆرای فەخری هەیە لە قانون, کە لە کۆلێژی مانهاتن بە دەستی هێناوە, هاوکات دکتۆرای فەخری هەیە لە راژەی مرۆڤایەتی لە کۆلێژی ریفیر.
جین شارپ پرۆفیسۆرێکی خانەنشیکراوی زانستە سیاسییەکانی زانکۆی ماساتشوستسە لە دارتموس‌و لە زانکۆی ئۆسلۆو ماساتشوستس لە بۆستندا وانە بێژبووە لە زانکۆی هارڤەرددا نزیکەی 30 ساڵ توێژەربووە لە کاروباری نێودەوڵەتیدا.
بەرهەمەکانی بۆ زیاتر لە 30 زمان وەرگێڕاون, ئەم بابەتەش بەشێکە لە کتێبی (لە دیکتاتۆریەتەوە بەرەو دیموکراسیەت, چوارچێوەیەکی وێناسازی رزگاربوون) کە چاپی یەکەمی لە ئایاری 2003دابووەو, چاپی دووەمی لە حوزەیرانی 2003 دا بووە.